# لێژنەی داکۆکیکار لە مافی ژن لە پەرلەمان
# سەردانی وەزارەتی مافی مرۆڤیان کرد٠



بەمەبەستی گفتوگۆو بیرورا گۆڕینەوە لەسەر دیاردەی رەشەکوژی ژنان کە لەم دواییانەدا لە کوردستان پەرەی سەندوە٠

لە رۆژی ٢٠٠٧/٦/١٠ د٠شوان محەمەد عەزیز وەزیری مافی مرۆڤی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە نوسینگەی تایبەتی خۆی لەدیوانی وەزارەت لەگەڵ خاتو پەخشان زەنگەنە سەرۆکی لێژنەی داکۆکیکار لەمافی ژنان و ئافرەتان لە پەرلەمانی کوردستان کۆبۆوە٠٠٠

لەنزیکەوە لەمەڕ ئەو مەسەلەیە وەزیری مافی مرۆڤ بەووردی باسی لەوچالاکی و هەوڵ و تەقەلاّیانە کرد کە وەزارەت بۆ کەمکردنەوەی ئەم دیاردە ترسناکە کردویەتی بەتایبەت لەڕووی دانانی بەرنامەو سازدانی سیمینار و بەشداری کردنی کادیرە ژنەکانی وەزارەت لە ورك شۆپ و خولە راهێنانەکانی ناوەوەو دەرەوەی ولاّت و سوود وەرگرتن لەتاقیکردنەوەکانی ولاّتانی پێشکەتوو٠٠٠

ئینجا خاتوو پەخشان زەنگەنە رۆلی لێژنەی داکۆکیکاری مافی ژنان و ئافرەتانی لەم رووەوە راگەیاندن و ئاماژەشی بەوەدا کە ئەم دیاردەیە تەشەنەی کردووە و پێویستی بەوە هەیە کەکاری بۆ بکرێ ئەمەش هاوکاری هەموو لایەکی دەوێ،هەروەها خاتوو زەنگەنە پرۆژە یاسایەکی تەعدیلکردنی یاسای ئەحوالی کەسێتی خستەڕوو کە لەلایەن لێژنەکەیانەوە ئامادەکراوە٠٠٠

لەبەرامبەردا وەزیری مافی مرۆڤ رایگەیاند:
کەچارەسەری ئەم دیاردەیە بەتەنێ ئەرکی سەرشانی وەزارەتی مافی مرۆڤ نیە،بەڵکو ئەرکی هەمووانە و کارکردنیشی کاری رۆتینیانە نەبێ دەبێ کردەوەشی لەگەڵدابێ...دیسانەوە خاتوو پەخشان ئەوەی خستەڕوو کە ئەم دیاردەیە هەندێجار دەکەوێتە ئەستۆی هێزە چەکدارەکان،بۆیە پێویستە حکومەت سنورێك بۆ ئەمە دابنێ...
راشیگەیاند:
کەلێژنەکەیان پرۆژەیاسایەکیان لەبەردەستایە بەنێوی دژە توندوتیژی جا زەروریەتە مافی مرۆڤ لەم پرۆژە یاسایە دەوری هەبێت لەداڕشتن و خستنەڕووی.



